ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# سەرەمەقەست -٢

## دیسان تەزکیە:

**لە پێنجوێن بۆ وەرگرتنی (کراسە)ی مۆڵەتی شۆفێریش پێویستت بە تەزکیەی کۆمێتە هەیە.**

**هەفتەنامەی (هەواڵ) ٩٨، لە ٢٠٠٤/٩/١١/ لاپەڕە ٨.**

***کۆمیتە: واتە کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتی.***

## پرۆژەی بەنداوی بێخمە دەست پێدەکرێتەوە

**محمدەمین فارس بەڕێوەبەری گشتیی ئاودێریو سەرچاوەکانی ئاو بە (خەبات)ی ڕاگەیاند: ئەو کاتەی پرۆژەی بەنداوی بێخمە لە کارکەوت ٣٠٪ ی جێ بەجێ کرابوو بەڵام ئێستا تەنها ٢٦٪ لە پرۆژەکە ماوە چونکە بەشەکەی دیکەی تێکچووە.**

**ڕۆژنامەی خەبات ١٥٥٩، لە ٢٠٠٤/٩/٣١، ل ١.**

***کەیو چۆن "تێکچووە"! کەرەسەی ئەو بەنداوەتان لە راپەرینی 1991 تاڵان کردو دوایی بە ئێران فرۆشران.***

## وەرگەڕاندنی وەرگێڕان

**خوێندکاری کورد (شێرکۆ کرمانج) ماستەرنامەی (بەسیاسیکردنی ئیسلام)ی پێشکەش بە زانکۆی (ساوس ئوستڕالیا)ی کردو ماستەرنامەکەی بە پلەی ئافەرین (نایاب).. پەسەند کرا.**

**کوردستانی نوێ، ٣٤٦٩ لە ٢٠٠٤/٩/١٠، دوا لاپەڕە.**

***خوا پێمان نەگرێ ڕەنگە ساوس ئوستڕالیا (ساوث ئوستڕالیا) بێ بەڵام قەید ناکات خەتای فۆنتی کوردییە.. گرنگتر لەمە چۆن پلەی نایاب (ئیمتیاز) بووە (ئافەرین)؟! ئەگەر ماستەرنامەکەش وەکو ئەم وەرگێڕانە بێ دەستی لێ بشۆ.***

## ڕۆڵە بەوەفای بەعس:

**ڕۆژی ٢٠٠٤/٧/٢١ کە سەرۆکی کاتیی عیراق غازی عجێل ئەلیاوەر چووبووە هەڵەبجەو سەردانی یادگارەکەی کردبوو. ئەو قەتعەیەی بە هەر سێ زمانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی لەسەری نووسراوە (هاتنە ژوورەوەی بەعسییەکان قەدەغەیە) بە قوماش داپۆشرابوو. سەرۆکی کاتیمان بە بەعسێتی ناسراو نییە ئەمما بۆچی ئەو نووسینە داپۆشرا دیارە لەبەر ئەوەی لەناو وەفدەکەیدا کەسانی کۆنە بەعسی هەبوون بەرپرسانیشمان نمەکگیری بەعسن.. یان لەوانەیە ئەو بەعسییانەی ناو وەفدەکە بە هاوڕێ کوردەکانیان بوتایە: هەلەو یاب.. خۆب ئحنە ماچنە سوییە.. لۆ نسێتوو کاکە؟**

## ڕاستکردنەوەی هەواڵی بە شەستەم دەرچووە:

**ناوبراو لەو هەواڵەدا تەقدیری (باش-جید)ی وەرگرتووەو لەناوی (٩٠) قوتابیدا تەرتیبەکەی (٤٢) ـەمین بوو.**

## بە شەستەم دەرچووە بەڵام شوێنەکەی لە زانکۆ ئامادەیە

**عەباس عەبدولڕەززاق کە کادیرێکی کۆنی ڕاگەیاندنی یەکێتییەو هەر ئەمساڵ (٢٠٠٤) کۆلێجی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانیی تەواو کردووە لە کۆڕێکیدا لە هۆڵی دیالۆگی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی یەکێتی ڕۆژی سێشەممە ٣١ ئاب کە تایبەت بوو بە کاری ڕۆژنامەگەری وتبووی: بڕیارە ئەمساڵ لە کۆلێجی ڕاگەیاندن وەکو مامۆستا وەربگیرێم و یەکێك**

لەو وانانەی تەرحم کردووە بوترێ وانەی (وێنە)یە. شایەنی وتنە تەرتیبی ناوبراو لە دەرچووان ژمارە ٦٠ (شەستەم)ـە!! بۆ نا؟!!

*ئامادەبوویەکی کۆڕەکە*

## دەرگا داخراوەکان

ڕۆژی ٢٣ی ئابی ٢٠٠٤ تاڵەبانی کۆڕێکی ڕۆژنامەگەریی هەبوو سەبارەت بە مەسەلەی "پاکسازیو چاکسازیو نەهێشتنی ڕۆتین"و کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بانەگەشە بۆ هەموو کەناڵ و ڕۆژنامەکان کرابوو کە دەتوانن بچن. تاڵەبانی لە کۆڕەدا وتبووی کە پێویستە دەرگای هەموو دامودەزگاکان لەبەردەم ڕۆژنامەسەکاندا بکرێنەوە بەڵام پێش دەستپێکردنی کۆڕەکەو کاتێك ڕۆژنامەنووسەکان دەچوونە ژوورەوە دەرگای چوونە ژوورەوە لەبەردەم تەلەفزیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی داخرا.. چۆنیش ڕۆشتن ئاوا گەڕانەوە.

## ئەو ئیسلامییانەی تر چین؟

لە کۆڕە ڕۆژنامەنووسییەکەی تاڵەبانی سەبارەت بە پاکسازیو چاکسازی تاڵەبانی وتبووی نابێت هەموو حکومەت یەکێتی بێت.. ئێمە وەزیری غەیری یەکێتیمان حکومەت هەیە هەروەها مودیرمان هەیە یەکێتی نییە، دەکرێت هەموو کەس مودیر بێت شیوعی.. یەکگرتووی ئیسلامی .. کەسانی ئیسلامی.. ئینجا وتی: هەموو ئیسلامییەك نا.. ئیتر دیار نییە کەسانی ئیسلامی کێن کە هاووڵاتی پلە دوونو بۆیان تەنانەت ببنە مودیر. شایەنی باسە ئەندامێکی پێشکەوتووی یەکگرتووی ئیسلامی بەناوی حسێن حەمە کەریم لە شارۆچکەی سیروان چەند ڕۆژێك پێش ئەو کۆڕە گیرابوو و پاش نزیکەی دە ڕۆژ ئینجا ئازادکرا.

## ئافەرین ڕێکخراوی مافی مرۆڤ

ڕێکخراوێك بە ناوی نووسینگەی مافی مرۆڤو ڕێنمایی هاوڵاتیان لە سۆران بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوە لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەهۆی کرداری تیرۆریستی خۆکوژی.. هەرکەسێکیش لە هەر وڵاتێك کە دەزانێت مافی مرۆڤ چییەو ئەم دێڕە بخوێنێتەوە یەکسەر بیری بۆ ئەو شتە دەچێت کە لە وڵاتان باس دەکرێت ئەویش کە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەڵێن کەوا کارۆی "تیرۆریستی" کاتێك لەلایەن حکومەتەوە بەرەنگاری دەکرێت ڕەچاوی مافەکانی مرۆڤ ناگیرێتو بەناوی ئەو هەڵمەتەوە ئەو مافانە پێشێل دەکرێن. ئێستا ڕاپۆرتی زۆر لەمبارەیەوە هەیە کەچی ڕێکخراوەکانی وڵاتی ئێمە کە زۆربەیان، ئەگەر هەموویان نەبن ، سەر بە حزبی دەسەڵاتدارن و لەبەر عەیبە دامەزراون فزەیان لێ دەرناچێ بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ کە بەناوی بەرەنگاربوونەوەی "تیرۆر" دەکرێن و ئەو ڕێکخراوەی ئێستا باسمان کرد قسەی دەسەڵات دەکاتەوەو ئامۆژگاریی لاوان دەکات دوورکەون لە ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکان.. تاد. ئەمەیە کوردستانو ئەمەیە یەکێك لە شتە عەجیبەکانی.

## کچەکانتان (..) دەکەینو نابێ قسە بکەن

باوکی شنۆ

ئەو هەواڵەم بیست کە مامۆستا پەروین بەڕێوبەری دواناوەندی جەمال تاهیری کچان پلە دابەزێنراوەو کراوە بە مامۆستا. بەم واتایە نەك هەر ئەو کەسە گەورەیە ئیجرائاتی لەگەڵ نەکرا بەڵکو دەستخۆشیشی لێ کرا. ئەمەش

نامەیەکی کراوەیە بۆ هەموو مرۆڤێکی ئەم خاکە: نەك هەر ژیانو ماڵتان لە ژێر دەستی ئێمەیە بەڵکو شەرف و ناموسیشتان. کچەکانتان (..)و نابێ قسە بکەن.

*تێبینی: لەبەر ئیعتیباری ئەدەب هەندێك وشەو ڕستەمان لەو نووسینەی سەرەوەدا لابرد.*

## لەخورماڵدا تەنانەت ئیشی کرێکاریش بە تەزکیەیە

سەرەڕای قسەی گەورەو ئیدیعای زل هێشتا تەزکیە هەر هەیە بەڵام لە خورماڵدا تەنانەت کرێکاریش پێویستی بە تەزکیەیە. هەمووش دەزانین ئەو پارە زۆرەی عیراق کە هەڵڕژاوە وای کردووە هاووڵاتیان ئیشیان دەست بکەوێ و لەمەوە ڕۆژانەی کرێکار بەرز بۆتەوە. ئیشی کرێکاری بینا هێندە زۆر بووە بە ئاسانی وەستات دەستناکەوێ و جاری واشە پەکت لەسەر کرێکاریش دەکەوێ بەڵام لە خورماڵدا هەر قەیرانی ئیشی چونکە ئەو کەسەی بیەوێ کرێکاری بکات پێویستە تەزکیەی یەکێتی ببات. ئەمە حاڵی کرێکارێکە کە بۆچەند ڕۆژێك کار دەکات ئەی دەبێ حاڵی ئەوانە چی بێ کە دەیانەوێ لە دەزگاکانی حکومەت دابمەزرێن. شایەنی باسە سەرەڕای فشاری زۆر و هەڕەشەو هەڵمەتی گرتنی بەردەوام لەسەر خەڵکەکە ئەمانە هەر دەسەڵاتی یەکێتییان پێ قبووڵ نییە.

## هەولێر:چاودێری کردنی سەنتەرەکانی ئینتەرنێت

چەند کەسێك پێیان ڕاگەیاندین کە پارتی لە هەولێر موراقەبەی سەنتەرەکانی ئینتەرنێت دەکاتو گوایە هەر یەکەو کەسێکی دەزگای پاراستنی بۆ داناوە.

دروستی ئەم هەواڵەمان لاساغ نەبۆتەوە.. ئایا هەواڵێکی ڕاستە یان خەڵکەکە هێندە دەترسن وا دەزانن بۆ کوێ دەچن موراقەبە هەیە.

## چیرۆکێکی ڕاستەقینە لەدۆزەخی ئاکرێ

یەك لەوانەی لەبەندیخانەی ئاکرێ بوو دەیگێڕێتەوە کە کابرایەکیان بردبووە ئەوێ بەتۆمەتی موعامەلاتی بازرگانی نارەوا. کابرا نوکتەباز بوو. لەو ژوورەی ئەویشدا گیراوێکی ئیسلامی هەبوو کە بەردەوام ئامۆژگاری دەکرد دەستبداتە نوێژکردنو ڕووبکاتە خوا بەڵام جگە لەگاڵتەو گەمە هیچی لەو دەست نەدەکەوت.

ئێوارەیەکیان پاسەوانەکان کابرای گاڵتەچی دەبەن بۆ نۆرە ئەشکەنجەدانو پاش دوو سێ سەعات، بە شەکەتی دەیهێننەوە. کابرا هەر لە دەرگاکەوە بەهاوڕێ سجنەکانی خۆی دەڵێت: ئاوم بۆ ئامادەبکەن بۆ دەستنوێژ.. کابرا دەستنوێژ دەگرێتو دەچێتە سەر بەرماڵو لەکاتی یەکەم سوجدەدا سەری بەرزناکاتەوەو گیان لەدەست دەدا.

## دەرکردن و نەقڵ کردنی هەموو فەرمانبەرانی دەزگای شەهیدان ( سلێمانی):

ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی سلێمانی بڕیاری دەرکردووە تێیدا هەموو فەرمانبەرانی دەزگای شەهیدان لابرێن و نەقل بکرێن و سزا بدرێن. سەرۆکی دەزگا و جێگری و راوێژکار وکارمەندان لابراون و ژمارەیەکی تر نەقڵ کراون . ئەو ئیجرائەش بەناوی پاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵیی داراییو ئیداری کراوە.

## هەولێر: پاش حەوت مانگ: بۆچی مەلا شێرزاد گیرا؟

مامۆستا مەلا شێرزاد کەسایەتییەکی ناوداری هەولێرەو ڕێزو حورمەتێکی زۆری هەیە. مامۆستا شێرزاد بەکالۆریۆسی شەریعەی هەیەو بیانوویان پێگرتبوو کە لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەیە بۆیە نابێ وتاری هەینی

بدات ئەویش بووە فەقێو ئیجازی مەلایەتیی وەرگرتو پاشان خۆی نەقڵ کردە سەر میلاکی وەزارەتی ئەوقاف. سەرەتا کرایە ئیمام لەمزگەوتی حاجی ئیبراهیمی گەردی پاشان لەئەوقاف بانگکراو پێی وترا :نابێ چیتر پێشنوێژی بکەی، بچۆرە ماڵەوە دابنیشەو مەعاشی خۆت وەرگرە. بەڵام لەبەرئەوەی کەسایەتییەکی ناودارو خۆشەویستە خەڵکی بۆ بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بانگیان دەکرد تەنانەت وای لێ هاتبوو کچ مەرجی ئەوەی دادەنا بۆ شووکردنی کە مامۆستا شێرزاد مارەی بکاتو وتارێك لەو بۆنەیە بلێت.

مامۆستا شێرزاد پاش ئەوەی بۆ سێ ساڵ وتاردانی لێ قەدەغە کرا لە ١٢/٢٧/ ٢٠٠٣ بێ هیچ تۆمەتێك گیراو هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەگەڵدا نەکراوە.. نەخێر ئەو تاوانبار بوو، تاوانەکەشی ئەوە بوو کەسایەتییەکی ناودارو خۆشەویستو هەقبێژە. ئەو سیانەش تاوانی گەورەن. گرتنی مامۆستا شێرزاد نارەزایییەکی زۆری لەنێوان جەماوەری هەولێرو مەلاکان دروستکرد، بەڵام زەبر چارەسەری هەموو شتێکە. ئەوە بوو پاش شەش مانگ لە گرتنیو لە کۆبوونەوەی مەلاکان لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی ئیدارەی هەولێر لەمانگی حوزەیران ٢٠٠٤ دا ئەمانە بەیەك دەنگ داوای بەرەڵا کردنی مامۆستایان کرد، پاش مانگێکیش لەمە ئازادکرا.

بۆچی گیراو بۆچی بەردرا..، تاوانەکانی دیارن. پێویستە پاشکۆ بیت ناوبانگت لەهی دەسەڵاتداران گەورەتر نەبێت پاشان یان پێش ئەوە دەبێ بزانی چۆن بلێی: ئەزبەنی.

## هەولێر: بەڵگەکانی تاوان

پاش دوو تەقینەوەکەی یەکی شوباتی ٢٠٠٤ هەڵمەتی گرتن هەیەو فشار لەسەر ئیسلامییەکانو ئەهلی مزگەوت دەکرێو جارجاریش گەرەکەکان گەمارۆ دەدرێنو ماڵەکان دەپشکنرێن. ئەو شتانەش کە دەگیرێنو دەبنە بەڵگەی تاوانبارکردن بریتین لە هەبوونی کتێبخانەیەکی ئاینیی لەو ماڵەدا یان کاسێتی وتاربێژە ناودارکانی هەولێرو کەسایەتییە ئیسلامییەکان وەکو م. شێرزادو م. عەلی باپیر یان هەبوونی رۆژنامەی کۆمەڵو یەکگرتوو و وێنەی کەسانی ئیسلامیی وەکو م. عەبدوڵڵای قەصرێ، کەسانی لەم جۆرە کەئەم شتانە لەماڵەکەیاندا دۆزراونەتەوە گیراونو ئازار دراون.

## -هونەرمەندان لەکوێن

هونەرمەندان لەگرتنی هونەرمەندێکی ئیسلامیی بێ دەنگن. نایف ئاسودە گۆرانیبێژێکی چالاکی ئیسلامییە لەهەولێر. لە ٢٠٠٤/٦/١وە گیراوە. ناوبراو لەهەمان کاتدا بەرێوەبەری سەنتەرێکی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتە. تاوانەکەی چییە؟ وەڵام لای ئاسایشی گشتی هەولێرە کە ئەویشو ئەوەی سلێمانی زۆربەی کات وەڵامیان نییە.

## دەرسێکە تا جارێکی تر بروا بە وەعدیان نەکەن

رۆژنامەی هاوڵاتی ١٨٧ لە ٢٠٠٤/٨/١٨ ، ل٧ سکاڵانامەی زیاتر لە (٤٠) ماڵی بڵاوکردۆتەوە کە پێشتر لەناو بینای کۆمەڵی ئیسلامی لە هەولێردا نیشتەجێ بوون و لە میانەی چۆڵکردنی بیناکان وەزارەتی ناوخۆی هەولێر وەعدی پێدان هەر خێزانەی پارچە زەوییەکیان بدەنێ بەڵام ئەم پەیمانە جێبەجێ نەکرا. رۆژ نامەکە پاشان پەیوەندیی کردووە بە سەرچاوەیەکی بەرپرس لە وەزارەتی ناوخۆ وئەویش لە وەڵامدا ووتی کە ئەوان هیچ وەعدێکیان نەداوەو با بچن بۆ لای کۆمەڵ شتیان بۆ بکات.

## قسە مەکەن با نەتانخەنە ئاوی قەندیل

تەواوکەری هەواڵی ئیسلامییەکی چەمچەماڵی بە ئەشکەنجە لە هەولێر گیان لەدەست دەدات رۆژی ١٣ی حوزەیران (ئەو رۆژەتان دوایی بیردەخەمەوە) ٢٠٠٤ ئاسایشی هەولێر کۆمەڵێك گیراوی سیاسی بەتۆمەتی ئەنصاروئیسلام دەگواستەوە بۆ دۆزەخی، واتە بەندیخانەی ئاکرێ . لەرێگە لەسەر پردی قەندیل لەسەر زێی بادینان ئەو سەیارەیی گیراوەکانی تێدابوو گوایە لە رووداوێکی هاتوچۆدا کەوتە ناو ئاوەکەو سەرجەم گیراوەکان کە ژمارەیان لە شەش کەس کەمتر نەبوو بەدەست بەستراوی خنکانو شوکور شۆفێرو پاسەوانەکان سەلامەت بوون. تا ئێستا دوو ناو گەشتووە بە پێگەکەمان: سیامەند چەمچەماڵی ناسراو بە ئوسامەو تەیب ناسراو بە دەروێش تەیب کە خەڵکی هەولێرە. خەڵکی هەولێریش باوەڕیان بەو رووداوە نییەو ئێستا تەنها لەرێگەی نوکتەوە دەوێرن باس لەم رووداوە بکەنو دەڵێن قسە مەکە با نەمانخەنە ئاوی قەندیل. شایەنی باسە کەسوکاری سیامەند شوێنەواری زۆر ئەشکەنجەدانیان بە لاشەیەوە دیوە. ئەگەر خەڵکی بیریان مابێت رۆژی ١٣ی حوزەیران ئەو رۆژە بوو چەکدارانی یەکێتی تەقەیان لەو کەسانە کردبوو کە تەرمی "عوسمانی قادر منەوەر"یان بەرەو گۆڕستان بەرێ دەکردو کردبوویانە رێپێوان و لەئەنجامدا ژمارەیەکیان کوژران... هەموو حزبێك ١٣ی حوزەیرانی خۆی هەیە.

## مەخموور بە موسڵ دەلکێنرێتەوە

ناوچەکانی قەراچو دیبەگەو گوێر کە سەر بە قەزای مەخموورن جارێکی دیکە دەکەونەوە بەر ئەگەری بەعەرەبکردن و سەر لەنوێ فەرمانبەرو پۆلیسی عەرەبیان تێدا دادەمەزرێن(..) .لەگەڵ رووخانی رژێم قەزای مەخموور لەرووی ئیدارییەوە کەوتەوە سەر پاریزگای هەولێر بەلام ئێستا بەهۆی فشاری عەرەبو ئەمریکییەکان جارێکی دیکە بە پارێزگای موسڵ لکێندراوەتەوە.

هەفتەنامەی رێگای کوردستان (حزبی شیوعی کوردستان) ژمارە ٦٠٦، ٢٠٠٤/٨/١٨، ل ١ لەگەڵ راپۆرتێك لەلاپەرە ٢.

تەعلیق لەسەر: ئەی کەڵکی ئەو "هاوپەیمانییەتەی کورد لەگەڵ ئەمەریکا چی بوو؟

## تەعقیب لەسەر هەواڵی لابردنی مەلا مەحەمەد نصراللە خەتیبی مزگەوتی عەلی کەمال

پێشرەو ع.

حەزم کرد ئەم شتە زیا بکەم بۆ هەواڵی سەرەوە : پێشتر مەحەمەد حسێن کە بەرپرسێکی گەورە بوو لە ئاسایش (بەر لەوەی لە پێکدادانەکەی ئاسایش لەگەڵ ناموٚدا بکوژرێت) مەلا مەحەمەدی بانگ دەکات و هەرەشەی لێ دەکات کە ئەگەر واز لەو قسانە نەهێنێ نەك هەر لە خەتیبی دەری دەکا بەڵکو لە سلێمانیش دەری دەپەرێنێ.

## لابردنی خەتیبی مزگەوتی عەلی کەمال لە سلێمانی

٢٠٠٤/٨/١٩

چەند هەفتەیەکە مەلا محمد نصراللە خەتیبی مزگەوتی عەلی کەمال لە سلێمانی لابرا. مامۆستای ناوبراو جاروبار رەخنەی لە بەرپرسان دەگرت بەلام لەبەر ئەوەی بەرپرسان کە لافی دیموکراسی و ئازادیی بیرورا تەنها دەیانەوێ ستایش بکرێن قسەکانی مامۆستایان بەدڵ نەبوو بۆیە بە فەرمانی بەرێوەبەرێتی "ئیقاف"ی ئیسلام لەسەر خەتیبی لابرا.